**بۆ**

**پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا**

**پەرلەمانی سوید**

**سەرۆکوەزیرانی سوید ، یۆران پێرشۆن**

**بە پەلە**

لەدوای کەوتنی ڕژێمی عێراق ، چەندان ڕێکخراو و پارتی دیموکراتیی لە کوردستاندا دروست بوون.
یەکێك لەو بزوتنەوە جەماوەرییانە دامەزراندنی **پارتی چەپی کوردستان** بوو لە 14-7-2006 دا.

لەم هەفتەیەدا پارتی چەپی کوردستان و حەوت ڕێکخراوی جەماوەریی تر داوایان لە جەماوەر کرد کە خۆپێشاندان دژی گەندەڵیی و بەدسودیی دەسەڵات بکەن.

وا دوو ڕۆژە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پارتی چەپی کوردستان و یەکێك لە دامەزرێنەرانی پارتی چەپ و ئەندامانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی تر لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە (ڕفێنراون).

داواتان لێئەکەین کە کاریگەرییتان لەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان هەبێت و هەر ئێستا ئەو سیاسییە جەماوەرییە چالاکانە ئازاد بکەن.

ژیانیان لە دەست ئێوەدایە و زۆربەیان ڕەگەزنامەی وڵاتانی ئەوروپایان هەیە. یەکێکیش لەوان ڕزگار عەزیزە کە ناسراوە بە پۆڵا و هاونیشتمانیی سویدە و لە سەردەمی سەدام دا 14 ساڵ لە زینداندا بووە و وا ڕفێنراوە لە لایەن گەندەڵە بەدسودەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانەمان

2006-8-13

**پارتی چەپی کوردستان**

نەوزاد وەلی ، وتەبێژی ئەوروپا

wali.nawzad@coolbox.se